# کاریگەری قەسیدەی (مەسنەوی) مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی لەسەر شیعری (نەوای نەی) عەلی فەتاح دزەیی شاعیردا .

(PP 350 - 365)

**پ. ی. د. بەکر شاکرعەبدوللا**
**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، بەشی زمانی کوردی**
Bakir.abdullah@su.edu.krd

**بڵاوکردنەوە : 2020/10/29**

**DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.21**

**کورتە :**

ئەم باسە لێکۆڵینەوەیەکە لەنێوان قەسیدە درێژەکەی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی  (٦٠٤ه /١٢٠٧ز–٦٧٣ه/١٢٧٣ز) بەناوی (مەسنەوی مەعنەوی)و شیعرەکەی عەلی فەتاح دزەیی (١٩٢٨–١٩٩٢ز) بەناوی (نەوای نەی) لەڕووی چۆنیەتی کارتێکردن و کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە واتە کاریگەری قەسیدەی مەسنەوی مەولانا لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە بەسەر نەوای نەی عەلی فەتاح دزەییدا ، کە تایبەتمەندی و سروشتی هێما بەکارهاتووە شاراوەکانی ناو قەسیدەکەو شێوازی نووسین ولاسایی کردنەوەکەی دەردەخات ، ئەم دیاردەیەش لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا زاراوەی کارتێکردن یان کاریگەری بۆی بەکاردێت ، لەژێر ڕۆشنایی و بە کاریگەری ناوەڕۆک و ڕوخساری قەسیدە درێژەکەی مەولانا کە بە (**بشنو از نەی چون حکایت می کند... واز جدایها شکایت می کند)** دەستپێدەکات ، شاعیری کورد (**عەلی فەتاح دزەیی)** هاتووە دێر بە دێر ئەو قەسیدە شیعرەی مەولانای خوێندۆتەوەو بە شێوازێکی ناخهەژێن و پڕ لە ڕۆحییەتی سۆفییانەو هەستکردن بە خۆشەویستییەکی ڕەها بەرامبەر بە ناوەڕۆکی شیعرەکە دێر بەدێر شیعرەکەی خۆی پێ هۆنیوەتەوە ، ئەم دیاردەیەش هەر تەنها لای عەلی فەتاح دزەیی شاعیر بەرچاو ناکەوێت ، بەڵکو لای زۆربەی شاعیرانی کۆن و کلاسیکی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە ، بە تایبەتی ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر هەژموونی سۆفییەتی و عیرفانییەوە .

**پێشەکی :**

کارتێکردن و کاریگەریی شیعری شاعیران لەسەر یەکتری وەک دیاردەیەک لە ئەدەبی گەلاندا ، لەکۆنەوە بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا بەرچاو دەکەوێت ، ئەگەر ئاوڕێک لەمێژووی ئەدەبەکەمان بدەینەوە : دەبینین لەگەڵ پەیدابوونی ئەو ئەدەبە ئەم دیاردەیەش بەرچاو دەکەوێت ، چونکە شاعیرانی کورد هەر لەکۆنەوە هەوڵیانداوە لەم چوار چێوەیەدا ئەسپی خۆیان تاوبدەن و وەک پێویستییەکی سەردەمی خۆیان و دەرخستنی تواناو شارەزاییان لەم بوارەدا ئەمکارە ئەنجام بدەن ، عەلی فەتاح دزەیی شاعیریش وەک ئەوانی پێش خۆی : هاتووە لەژێر کارتێکردن و بە لاساییکردنەوەی شاعیرانی گەورەی ئەدەبیاتی ئێرانی ئەم هەنگاوەی ناوە ، ئەم دیاردەیەیەش ، بە تایبەتی لاساییکردنەوەی شاعیرانی گەورەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی وەک ئێرانی ، نەک هەر لای شاعیرانی کورد بە کارێکی

بەنرخ و پڕبەها داندراوە ، بەڵکو لەئەدەبیاتی گشت میللەتانی ڕۆژهەڵاتیدا بە چاوێکی بەرز سەیر دەکرێت و لەخانەی ئەدەبی باڵادا هەژمار دەکرێت .

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕێبازی شیکاریی بەپێی میتۆدی ڕەخنەیی هەڵسەنگاندن بۆ دێرە شیعرەکان بکرێت و چوارچێوەی بوارە ئەدەبییەکەی دیاری بکرێت ، کە ئەدەبی بەراوردکارییە ، ئەویش بە شیکردنەوەی دێر بەدێری بەیتەکانی ناو هەردوو شیعرەکەو دیاری کردنی خاڵی جیاوازو هاوبەش لە نێوانیاندا .

**پلانی لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە (کاریگەری قەسیدەی مەسنەوی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی لەسەر شیعری (نەوای نەی) عەلی فەتاح دزەیی)دا ، جگە لە پوختەو پێشەکییەکەی ، لەدوو بەش خۆی دەبینێتەوە ، بەشی یەکەم : لەدوو تەوەر پێکهاتووە ، لەیەکەمدا هەوڵدراوە دیاردەی کارتێکردن وکاریگەری ولاساییکردنەوەی شاعیرانی میللەتانی تر، وەک بنەمایەکی ڕەخنەیی و بەراوردکاری بخرێتەڕوو ، لە تەوەری دووەمیشدا تایبەتە بەبوونی ئەم دیاردەیە لای شاعیرانی تری کورد ، ئەوانەی کە کارتێکراوو کاریگەر بوونە بە مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی و هەوڵی داڕشتنەوەو لاسایی کردنەوەی قەسیدەی (مەسنەوی)یان داوە، بەشی دووەمیش کە کرۆکی باسەکەیە ، تەرخانکراوە بۆ نیشاندانی چۆنیەتی داڕشتنەوەوهۆنینەوەو دیاریکردنی هۆکارو کاریگەرییەتی قەسیدەی مەسنەوی مەعنەوی) مەولانا لەسەر شیعرەکەی عەلی فەتاح دزەیی بە ناوی (نەوای نەی).

لە کۆتاییشدا ناوەڕۆک و روخساری باسەکە بەچەند خاڵێک وەک ئەنجامی کارەکە خراوەتەڕوو، لەگەڵ ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی لە نووسینی ئەم باسەدا سوودیان لێ وەرگیراوە .

## ١ - ١: کارتێکردن و کاریگەری شاعیران بەسەر یەکترییەوە:

ئاوڕدانەوەو سەیرکردن و چاولێکردن ، یان دووبارە داڕشتنەوەو نووسینەوەی دەقێکی ئەدەبی لەبەر ڕۆشنایی چەند پێوەرێکی جوانیناسی بەرهەمێکی تر ، وەک دیاردەیەکی ئەدەبی و هونەری لای نووسەران بەگشتی و لای زۆربەی شاعیران بەتایبەتی بەرچاو دەکەوێت ، ئینجا چ لەبەر ڕۆشنایی: جوانی ، خۆشی ، باشی: سوودی بەرهەمەکە بێت لەسەر نووسەرەکان ، یان هەر هۆکارێکی تر ، ئەم دیاردەیە وەک کارێکی ئەدەبی و هونەری : نووسەران و شاعیران پەنای بۆ دەبەن و لەم سۆنگەیەوە هەوڵی دەرخستنی تواناو شیانی خۆیانی تێدا دەدەن ، ئەزموونی سۆفیزم وسۆفیگەریش یان دونیای عیرفان و ڕازی مەعریفەت وەک ناوەڕۆکی بەرهەمێکی ویژدانی کە ئەزموونێکی پڕ ئاڵۆزو پەلوپۆدارەو لەئەدەبیاتی میللەتانی موسڵمانانی ڕۆژهەڵاتیدا بەرێژەیەکی فراوان بەرچاو دەکەوێت، ڕەگو ڕیشەکەی بۆ سەردەمانێکی زۆر زوو دەگەڕێتەوە ، کە بەلای زۆرێک لە مێژوونووسان بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە، ئاڵۆزی ئەم ئەزموونەش بۆ ئەوەیە کە نەک هەر تەنها بایەخ بەزمانی نووسین و کەرەستەی داڕشتنەوەی دەقەکان دەدات ، بەڵکو بایەخ بە دیوی دواوەی زمانی داڕشتن و دەربڕینەکان دەدات [سابیر، ٢٠١٩ ، ٤] مەبەستیش لێی مەڕامی ناوەوەی دەقەکانە .

ئەم کارتێکردن وکاریگەرییەش بەهۆی ڕۆشنایی و بەرکەوتەی بەناویەکداچوون و دووبارە بوونەوەی هەندێ لە وشەو ڕستەو دەستەواژە لە ڕوخسارداو لە یەکچوون و دووبارە بوونەوەی وێنەو تێڕوانین و بۆچوونەکان لەناوەرۆکدا ئەم جیاوازی ولێکچوونانەی نێوان دەقە ئەدەبیەکان دیاریدەکات ، کە بەهۆی لاساییکردنەوەو دووبارە داڕشتنەوەو هێنینەوەی ئەوەی پێش خۆیان ڕوو دەدات ، بۆ ئەمەش بوونی چەند مەرجێکی سەرەکی بە پێویست دەزاندرێت لە پەیوەندی نێوان دەقەکاندا ، وەک : (باری مێژوویی و جیاوازی زمان و پەیوەندی نێوان هەردوو شاعیرەکە) [هلال ، ١٩٨١، ١١] ئەم دیاردەیەش وەک بۆچوونێکی پەیوەندی ئەدەبی لە نێوان میللەتانداو لەبواری ئەدەبی بەراوردکاریدا ، سەرەتا لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو لە قوتابخانەی ئەمریکییەوە سەرچاوەی گرتووە ، پاشان قوتابخانەی ڕووسی پەرەیپێداو دواتریش گشت قوتابخانە نوێیەکانی بەراوردکاری چاویان لێکرد ، مەبەست لەم پەیوەندییەش بەراورد کردنی نێوان بەرهەمە ئەدەبیەکانە، لە ڕووی ڕووخسار کەرەستەکانی دەربڕین دەگرێتەوە ، لە ڕووی ناوەڕۆکەوەش : ماناو مەبەست و هەڵوێستەکان دەگرێتەوە ، کە ڕەنگ دانەوەکەی لە بۆچوونەکانی نووسەراندا دەردەکەوێت ، بە مەبەستی ناسین و زانینی ڕاستییەکان و لایەنە شاراوەکانی نێوان دەقە ئەدەبییەکاندا [علی ، ٢٠١٩ ،١٧] ،

## ١- ٢ : کاریگەریی مەولانای ڕۆمی بەسەر شاعیرانەوە :

## ١-٢-١ : کاریگەریی مەولانای ڕۆمی (١) بەسەر شاعیرانی غەیرە کوردەوە :

دیاردەی کارتێکردن و کاریگەری و لاساییکردنەوەی شاعیرانی میللەتانی تر ، وەک دیاردەیەکی ڕەخنەیی و توخمێکی ئەدەبی لەچوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا ، لە کۆنەوە لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کۆن بەرچاو دەکەوێت ، چونکە زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی میللەتانی غەیرە کورد : چ بۆ نیشاندانی تواناو شیان و لێهاتوویی خۆیان بێت ، یان چ وەک پێویستییەکی ئەدەبی سەردەم هەوڵی لاساییکردنەوەو داڕشتنەوەی شیعری گەورە شاعیرانی پێش خۆیان و میللەتانی تریان داوە (٢) ، جاچ بە شێوەی ڕاستەوخۆی وەرگێڕان و داڕشتنەوەو دەستکاریکردن بێت ، یان بە ناڕاستەوخۆی ئاماژەپێکراوی لابەلای دیارو نادیار بێت ، بێگومان هەر لە مێژەوە شاعیرانی نەتەوە جیاجیاکانی جیهان لە هەموو سەردەمەکانی مێژووی ئەدەبەکەیاندا کەم و زۆر ئەم کارەیان کردووە ، بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەکانی تریان وەرگێڕاوە بۆسەر زمانەکانی خۆیان ، شیعرەکانی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمیش وەک بەرهەمێکی پڕ دنیای عیرفان و حیکمەت و ڕازی مەعریفەت ، یەکێکە لەو بەرهەمە شاکارانەی بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری کردووەتە سەر شاعیرانی کوردو غەیرە کوردیش ، بەتایبەتی ئەو قەسیدە دوورو درێژەی ناوی (مەسنەوی مەعنەوی)یە (٣) ، کە چەندین سەدەیە بە بەردەوامی و بێ پسانەوە نەک هەر شاعیرانی کورد بەتەنها ، بەڵکو شاعیرانی میللەتانی هاوسێ و دەوروبەریش وەک (عەرەب و تورک) هەوڵی لاساییکردنەوەیان داوە ، ئەمەجگە لەشاعیران و نووسەرانی ئەوروپی کە هەوڵی وەرگێڕانیان بۆسەر زمانەکانی خۆیاندا داوە[تاقانە ، ١٩٧٩، ٢١] ، وەک :

لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا بەتایبەتی لای ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان و ئەڵمانەکان ، زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی و کاری گەورەی پڕ بایەخی ئەدەبی و ڕۆژهەڵاتناسی بەرچاو دەکەوێت ، کەتیایدا هەوڵدراوە بەرهەمی گەورە شاعیران وشاکارەکانی ئەدەبیاتی ئێرانی چ بە لێکۆڵینەوە ، یان بە وەرگێڕان بەسەری بکەنەوەو شوێنی شیاوی خۆی لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا بدەنێ ، وەک :(چوارینەکانی عومەری خەیام ، چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی ، گوڵستان و بوستانی سەعدی

شیرازی (١٢٩٢ز)و هەزارو یەکشەوە)و زۆرانی تر، داستانی مەسنەوی مەولاناش[٤] وەک یەکێک لەو بەرهەمە گرنگانەی ئەدەبیاتی ئێرانی لەلایەن زۆر لە ڕۆژهەڵات ناسانی ئەوروپی ئاوڕی لێدراوەتەوەو هەوڵی ناساندنی دراوە ، بۆ نموونە: (سێر ولیەم جۆنس) ، کە بەشێکی لێی بە ناوی (The Son of the reed) وەرگێڕاوەو بڵاویکردۆتەوە [تاقانە ، ١٩٧٩ ، ٢١].

لەئەدەبیاتی عەرەبیدا کاریگەری سروودی (نەوای نەی)[٤] مەولانای ڕۆمی ئەگەرچی وەک پێویست بەراورد بە شاعیرانی تری ناوچەکە بەرچاو ناکەوێت و ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە ، بەڵام شاعیریش هەبووە لەناو شیعرەکانیدا هەتا ئەگەر بەچەند دێڕێکیش بوو بێت بەسەری کردۆتەوە ، وەک : (جوبران خەلیل جوبران ١٨٨٣- ١٩٣١ز) کە بەهەمان شێوەی شاعیرانی ترو لەبەر ڕۆشنایی ئەم قەسیدەیەی مەولانا هاتووە ئەو هەست و سۆزە پەنگ خواردووەی ناو دڵ ودەروونی لەئەنجامی دابڕان و دوور کەوتنەوەی لەزێدی باب و باپیران و خەمی نەبینینەوەی کەسانی نزیکی خۆی بەم چەند دێرانە دەردەبڕێت ، وەک تیایدا دەڵێت :

**اعطني الناي وغن فالغنا سر الخلود**
**وأنين الناي يبقى بعد أن يفنى الوجود**[ جبران ، ٢٠٠٣ ، ٩٠]

ئەمەش نیشانی ئەوە دەدات کە تارمایی (نەی) مەولانا بە ڕوون وئاشکرایی لەنێو ئەم دێرەی شاعیردا هەستی پێدەکرێت و زۆر بە جوانی بەرجەستەی کردووە [سابیر ، ٢٠١٩ ، ٥].

لە ئەدەبیاتی تورکیدا بەهۆی ئەوەی مەولانا خۆی خەڵکی تورکیا بووە (ئەگەرچی لە دایک بوونەکەی لە بەڵخی خوراسان بووە)، لەو سەردەمەدا زمانی فارسی زمانی نووسین و ڕۆشنبیری ئەوێ بووە ، بەرهەمەکانی مەولاناش هەمووی بە فارسی بوونە ، بۆیە تا ماوەیەکی درەنگیش کارێکی ئەدەبی ئەوتۆ بە زمانی تورکی بەرچاو ناکەوێت کە کارتێکردن و کاریگەری مەولانایان بەسەرەوە بێت ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هیچ نەکراوە، یان کەس پێی کاریگەر نەبووە ، ئەوەتە شاعیری گەورەی تورک (محەمەد سولەیمان نەحیفی١٦٤٨—١٧٣٨ز) کە چەند سەدەیەک دوای ئەو پەیدابووە ، هاتووە بەهەمان کێشەکەی مەسنەوی ، هەموو مەسنەویەکەی مەولانای کردووە بە تورکی[تاقانە ، ١٩٧٩ ، ٢١] .

**١-٢-٢: کاریگەریی مەولانای ڕۆمی بەسەر شاعیرانی کوردەوە :**

لاساییکردنەوەو دەرخستنی کارتێکردن و کاریگەری مەولانا بەسەر شاعیرانی کوردەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ، کە مەولانا (یەکێکە لە پڕ بەرهەمترین عارف لەبواری تەسەووفی ئیسلامیدا ، بەتایبەتی لەوانەی بە زمانی فارسی بەرهەمیان هەیە... لەڕاستیدا مەولانا بۆخۆی دائیرەتول مەعارفێکی تەسەووف و فیکرو فەلسەفەو ئەدەبیات و شیعرە)[بەرزنجی ، ٢٠١٦، ١١] هەر بۆیە تائێستاو بەبەردەوامیش دەبینین ئەو بەرهەمە لاپەڕەی زیاتری لەسەر دەنووسرێ و ژیان و سەردەمەکەی بە زیندوویی دەهێڵدرێتەوە[٥] .

ئەگەر گوزەرێک بەناو مێژووی ئەدەبەکەماندا بکەین و بەدوای ئەو شاعیرانەدا بگەڕێین کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیرو باوەڕو تێڕوانینە ئەدەبییەکانی مەولاناو هەوڵی لاساییکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی ئەویان دابێتەوە ، دەبینین زۆر لە شاعیرانی کورد هەوڵیانداوە لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاو بدەن و شوێنپەنجەی خۆیان تێدابکەنەوە ، چونکە بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری و تێڕوانینەکانی مەولانا لەمەڕ ئایینی ئیسلامدا لەنێو کەشی ڕۆشنبیری کوردی بەگشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی لەوکاتەوەیە کە شاعیرانی کلاسیکی ڕاستەوخۆ هزری (مەولانا)یان خوێندۆتەوە ، ئەویش بەهۆی زانینی زمانی

فارسی و مەرجبوونی بەکارهێنانی وشەو ڕستەو دەستەواژەکانی لەنێو شیعردا ، بەڵام شاعیرانی تر دەشێ لەڕێگەی وەرگێڕانەوە بە مەولانا ئاشنابووبن، بەهۆی نەمانی ئەو پێشمەرجەی لەشیعری کلاسیکیدا هەبووە [سابیر، ۲۰۱۹ ، ۱۱]

لەئەدەبی کوردیداو لە بواری وەرگێڕاندا چەند هەوڵێکی لابەلا لەلایەن نووسەران و شاعیرانی کوردەوە دراوە بۆ ئەوەی مەسنەوی مەعنەوی مەولانای رۆمی وەربگێردرێتە سەر زمانی کوردی ، ئینجا چ بە شێوەی دێر بەدێری شیعرەکان بێت ، یان بەشێک لە دەستپێکی داستانەکە بێت ، کە هەندێکیان تەنها بە (۱۸)دێرو(٦) هی تریش هەر بە شیعرو چەند پارچە دێرێکی لێ وەرگێڕاوە ، وەک :(ئەحمەد تاقانە – نامیلکەی سروودی نەی) ، (٥٦) لاپەڕەیەو تیایدا دیباجەکەی مەسنەوی کە (٥٢) دێرە لەگەڵ لێکدانەوەو شیکردنەوەکەی لە ساڵی (۱۹۷۹)دا بڵاوی کردۆتەوە ، عەلی بابیر ئاغای چراغیش ناسراو بە کەمالی ، بەپێنج چیرۆک ، کە ژمارەی دێرەکان (٦٨٠)دێر دەبێت ، بەشداری لەم بابەتەی کردووە ، بەوەی کە پێنج چیرۆکی ناو مەسنەوی مەعنەوی مەولانای هێناوەو(٦٥) دێری لێ هەڵبژاردووەو بە (٦١) دێرە شیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە دیوانەکەی خۆیدا جێگەی کردۆتەوەو لە ساڵی (۱۹۸٦) بەچاپ گەیاندراوە(٧)، هەروەها شێخ جەلال شێخ نوری لە ساڵی (۱۹۹۰)دا بڵاوکردەوە ، ئەویش بە شێوازی شیعریی هەندێ لە مەسنەوی چیرۆک ئامێزی وەرگێڕاوە [بەرزنجی، ۲۰۱٦ ، ۷٥] ، بەڵام ئەوانەی ڕاستەوخۆ بە مەولانا کاریگەربوونەو ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری مەولاناو ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەی لە نێو شیعرەکانیدا هەن لە ئەدەبی کوردیدا وێنەیان زۆرە ، بە تایبەتی ئەوانەی هەوڵی لاساییکردنەوەو داڕشتنەوەیان بۆ داوە ، ئەمانەی خوارەوە نموونەی هەندێک لەو شاعیرانەن کە بەپێی ڕێبازی ئەدەبی هاوڕێبازن ، بەڵام لەسەردەمی جیاو بە شێوەزاری جیا شیعرەکانیان نووسیوە ، وەک :

**١-٢-٢: مەلای جزیری (١٥٦٤-١٦٣١ز) :**

مەلا ئەحمەدێ جزیری وەک یەکەم شاعیری کۆن و کلاسیکی کورد لە ڕووی زەمەنەوە عیشقی یەزدانی و خۆشەویستی ڕاستەقینە لەناو شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت ، ئەمەش لەڕێی دیاریکردن و نیشاندانی ئەو ڕەمزو ڕازو نیازانەی کە بەهۆیەوە مرۆڤ پێی دەگات ، شاعیرانیش بۆ گەیشتن پێی بەکاری دەهێنن ، بۆیە گەیشتن بەو ئامانجەو بەدەستهێنانی ئەو مەبەستە پێویستی بە چەندین هۆکارو ئامراز هەیە ، ڕەمزو ڕازەکانی وەک(نای و نەی)یش کە بەلای جزیری ئامرازی سەماعین ، باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بەو مەبەستەو چاکترین پێوەرە بۆ دیاریکردنی ئەو جۆرە خۆشەویستییە ، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ هاوڕابوون ویەکگرتنەوەی تێڕوانین و بۆچوونەکانی لەگەڵ مەولانا ، وەک لەم دێرەیدا و دەڵێت :

**ڕەمزو ڕازێن نەی و نابێ کو سەماعینە هەمی**

**ژ مە حاڵاتە ب عەقڵێ خوە بزانی ژ قیاس[مەلایێ جزیری، ۱۳٦۱، ۲٦۱] .**

**١-٢-٢: نالی (١٧٩٧- ١٨٧٣ز) :**

مەلا خدری شارەزووری بەهۆی هەستکردن بە نامۆبوون و بێزاربوون لە تەنیایی ، ئینجا چ بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە خۆشەویستە ڕاستەقینەکەی بێ ، یان دابڕان و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و زێدی کۆنی بێت ، هەردەم لەخەم و نیازی گەیشتن پێیانەوە بووە ، ئەمەش وەک بڵێسەی ئاگر لە دەروونیدا کڵپەی داوەو پەنگی خواردووەتەوە ، وەک دەڵێت :

**لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندوورە**

**شەطی ئەشکم نەبێ مانع ، دەسووتێم دەبمە کۆی نووره [ نالی، ١٩٧٦، ٤٠٦]**

ئەم بڵێسەی ئاگری عیشقە لای نالی لەگەڵ ئاهو هەناسەو فیغانی مەولانا بۆ گەیشتن بە مەعشوقەکەیان ، هەمان ئامانج و مەبەستی دەربڕینە ، وەک نالی دەڵێت :

**نالی مەثەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا**

**وەک ناڵە لە نەیدا ، وەکو نالە لە قەڵەمدا [نالی ، ١٩٧٦ ، ٩٥]**

لەمەدا نالی مەبەستییەتی پێمان بڵێ : حاڵی من لەدەست دەردو ئازارو گیروگرفتی خەم وپەژارەوە وەک نموونەی ناڵەی قەڵەمەکەی من وناڵەی نەیەکەی مەولانایە ، کە هەمان ئاهو هەناسەو فیغانن و سکاڵان بۆ دەردی دووری و دەربڕینی خۆشەویستی بۆیان .

**<u>١-٢-٣: مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٦- ١٨٨٢ز) :</u>**

شیعرەکانی مەولاناو بۆچوونە عیرفانییەکانی ، وای لەشاعیری کورد (عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی) کردووە نەک هەر تەنها هەوڵی لاسایی کردنەوەو داڕشتنەوەی شیعرەکانی مەولانا بدات ، بەڵکو ئەوەندە پێی کاریگەر بووە هاتووە نازناوی ڕێبازەکەی مەولانا کەمەولەوییە کردووەتە نازناوی خۆی و شیعرەکانی پێ هۆنیوەتەوە ، چونکە پێش ناسینی مەولانا شیعرەکانی بەناوی مەعدوومی بوون ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی مەولەوی خۆی بە یەکێک لەهەوادارانی مەولانا زانیوە[موتابچی، ٢٠١٣ ،٧] ، ئەم کاریگەرییەش لەم دێڕانەدا بە دیاردەکەون ،

**نەوای ناڵەی دڵ وێنەی سەدای نەی**

**پیاڵەی زوخاو مەنۆشوو چون مەی [مەولەوی ، ١٩٧٨ ، ٤٤٦]**

شاعیر لێرەدا ڕاستەوخۆ ناڵەی دڵی خۆی لەگەڵ نەواو سەدای نەیەکەی مەولانا وەکیەک دەهێنێتەوەو بە یەکیان دەچوێنێ ، چونکە ئێشو ئازارەکانی ناو دڵی خۆی و مەولانای ، کە لە ڕێی نایەکەیەوە دەریدەبڕێت هەمان ئێشو ئازارن ، یان لەبەستنەوەی هەردوو دەنگی دەفی دەروێش وشمشاڵی شمشاڵژەن ، کە نایەکەیەو لەڕێی قامیشەوە دەری دەدات و چواندنیان بەیەکتری هەمان ئەو کاریگەریەیە کە مەولانا پێی وێڵ وسەرگەردانە ، کە دەڵێت

**سەدای دەف و نەی بەیۆ نە گۆشت**

**نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وە هۆشت [مەولەوی ، ١٩٧٨ ، ٣٢٦]**

واتە دەنگی دەفی دەروێشان و نەوای شمشاڵی شمشاڵژەنان بەرگوێمان دەکەون و بەهۆیانەوە هەست و دڵ ودەروون و هۆشمان دەژیێننەوە، ئەمەش ئەو کارتێکردنەمان بۆ دەردەخات کە مەولەوی شاعیر تا چەند بە شیعرەکان و بیروباوەڕەکانی مەولاناو ڕێبازەکەی کاریگەر بووەو لەناو دەریای ئەوینی یەزدانی وعیرفانیەکانی مەولانادا نقووم بووەو بووەتە هۆی دەربڕینی ئەم دێڕانەی سەرەوە .

**<u>١-٢-٤ : صافی (١٨٧٣-١٩٤٢) :</u>**

مەلا مستەفای کوڕی مەلا عەبدوڵلای هیرانی ، وەک شاعیرانی تری کورد کەوتووەتە ژێر کارتێکردن وکاریگەری مەولاناو قەسیدەی مەسنەوی ، چونکە هاتووە بە پێچەوانەی شاعیرانی تری کورد ، هەتا بەپێچەوانەی مەولانا خۆیشی دیباجەکەی

مەسنەوی بەهەمان زمانی فارسی و بەهەمان کێشی مەسنەوی کە (ڕەمەلی شەشی مەحزووفی مەقسوور)ە ، شیعرە (١٦) دێرییەکیەی داڕشتۆتەوە ، بەڵام شاعیر لەمەدا هاتووە هاو کێشەکەی پێچەوانە کردووەتەوەو تیایدا داوا دەکات کەس گوێ بۆ نای شل نەکات ، وەک ئەوەی مەولانا لە دەستپێکی مەسنەویدا داوایکردووە ، بەڵکو (دڵ)ی خۆی کردۆتە سەرچاوەو ئامرازی دەربڕین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی ، صافی لە بڕی (نەی) ڕاستەوخۆ (دڵ)ی کردووەتە ئەو ناوەندەی مایەی بایەخ و گوێگرتنەو بەهۆیەوە ڕازو نیازی خۆی پێ دەردەبڕێت [سابیر ، ٢٠١٩، ١٢] ، وەک لە سەرەتاکەیدا دەڵێت

**مشنو از نی این حکایتهای خام**

**راز خود گوید به پیش خاص و عام**

**از جفای یار خود زاری کنید**

**قصه ایام غمخواری کنید [صافی ، ٢٠٠٤ ، ٤٩٢]**

صافی لەپاش پێچەوانەکردنی بۆچوونەکانی مەولاناو ڕەتکردنەوەی ئاماژەکانی ، ڕووی دەمی کردووەتە دڵ و وەک هێمایەک بۆ دەربڕینی هەستە پەنگخواردووەکانی و وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی خرۆشانی دەردی دوورییەکەی هاتووە دەڵێت :

**بشنو از دل محرم عشاق اوست**

**هم فرع افزای هر مشتاق اوست [صافی ، ٢٠٠٤ ، ٤٩٢]**

کەچی مەولانا (نەی) کردۆتە سەرچاوەی ئەو شیعرەو ئیلهامی دەربڕینی هەستەکانی کە دەڵێت

**بشنو از نی چون حکایت می کند**

**واز جدایها شکایت می کند [ ڕۆمی ، ١٣٧٤ک ، ٣٧ ]**

ئەمەش ئەو کارتێکردنە ڕاستەوخۆیە نیشان دەدات کە صافی شاعیر بە مەولانای ڕۆمی کاریگەر بووەو ناوەڕۆکی داستانەکەی مەسنەوی و دیباجەکەیەتی بووەتە سەرچاوەو ئیلهامی ئەو قەسیدەیەی صافی .

**١-٢-٢-٥: هێمن (١٩٢١-١٩٨٦) :**

شاعیریش وەک زۆربەی شاعیرانی تری کورد ، بەهۆی ژیانی ناکرووزی و سەرگەردانی و دابڕان لە کەس وکارو خۆشەویستانی ، ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەربڕین لە حەقیقەتی ژیانی نامۆیی خۆی دەکات ، ((بەهۆی ئەوەی هێمن شارەزاییەکی چاکی لەئەدەبی فارسیدا هەبووە ، بۆیە شاعیرانی گەورەی فارس لەوێنەی سەعدی ، حافز ، نیزامی ، بە تایبەت مەولانای ڕۆمی کاریگەری گەورەیان بەسەر هۆش و هەست و هۆنراوەکانیدا بەجێ هێشتووە ، وەک لە درێژەی ساقی نامەی ناڵەی جوداییدا دەردەکەوێت)) [دەشتی، ٢٠٠٦ ، ١٣٢] ،مەسنەوی مەولانا زۆر کاری لەشاعیر کردووەو لەناخەوە هەژاندوویەتی ، بۆیە لە ناڵەی جوداییدا شمشاڵ و کونی شمشاڵی کردۆتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی سۆزو سکاڵای غوربەت وهەست و نەستەکانی ، لەبڕی نەی وەک چۆن مەولانا بۆ نیشاندانی ئێش وئازارو ڕازو نیازەکانی بەکاریهێناوە ، شاعیر لەچەند شوێنێک ناڵەی دەروونی پڕ زووخاوی خۆی تێکەڵ بە ئاهو هەناسەی مەولانا کردووەو کونی گیراوی شمشاڵە کۆنەکەی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بیکاتە داردەستێک بۆ کرووزانەوەی لەدەست جەوری زەمانەو ئەو نەهامەتییانەی بەسەر نەتەوەکەیدا هاتووە ، لە ناڵە ناڵی ڕۆژگاردا دەناڵێنێ

**جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی**

**بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی مەولەوی**
**بشنو از نی چون حکایت می کند**
**واز جدایها شکایت می کند**
**گوتم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز**
**تا بناڵێنم وەکو بلوێر بە سۆز**
**نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر**
**جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر** [هێمن ، ٢٠٠٦ ، ٢٠٠] .

هێمن لەم دێرانەی سەرەوەدا : هاوشێوەی مەولانا دەیەوێت تێمان بگەیێنێت کە چۆن مەولانا لەڕێگەی نایەکەیەوە هەموو ڕازو نیازەکانی خۆی پێ دەربڕیوە ، ئەویش دەتوانێت بەو شمشاڵە شڕە کوون گیراوەی خۆی هەمان ڕازو نیازو مەبەستی پێ بخاتە ڕوو ، وەک دەڵێت :

**دەفتەری شیعری شاعیری ڕووتم**
**شەمی سەر گۆڕو داری تابووتم**
**کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم**
**خەونی ئاڵۆزو خاتیرەی تاڵم** [ هێمن ، ٢٠٠٦ ، ٣١] .

شاعیر هەوڵ و تێکۆشانی بۆ گەیشتنە بە نیازی مرۆڤایەتی ، وەک چۆن لە ڕازی تەبیعەتدا هاتووە (هەموو مرۆڤێک دەبێ بۆ شوێنی ئەسڵی خۆی بگەڕێتەوە) ، مەولاناش لە ڕێگەی نایەکەی ئەمەی کردووە ، هێمنیش بەگەڕانەوە بۆ دیباجەکەی مەسنەوی مەولانا پێمان دەڵێت

**گەر دەناڵێنم ئەمن پەککەوتە نیم**
**تێدەکۆشم بۆ وەصل تاکو دەژیم**
**کۆششی من زۆر بەجێیە و زۆر ڕەوا**
**چونکە قانوونی تەبیعەت وایە ، وا**
**(هر کسی کو دور ماند از اصل خویش**
**باز جوید روزگار وصل خویش)** [ هێمن ، ٢٠٠٦ ، ٢٠٣] .

## ٢-١: ڕوخسارو ناوەڕۆکی هەردوو شیعری مەولاناو عەلی فەتاح دزەیی :

### ٢-١-١: روخسارو ناوەڕۆکی شیعرەکەی مەولانای ڕۆمی :

مەسنەوی مەعنەوی(٨) ئەو بەرهەمە گەورەو ناسراوەی مەولانای ڕۆمییە ، کە لە ساڵی (٦٥٧)ی کۆچی بەرامبەر بە (1260ز) دەستی بە هۆنینەوەی کردووەو تا کۆتایی ژیانی پێوەی خەریک بووە ، ئەو داستانە یەکێکە لە شاکارە گەورەکانی ئەدەبیاتی فارسی و ڕۆژهەڵاتیدا ، بەشێوەی چیرۆک یان داستانی شیعریی و لەقاڵبی مەسنەویدا داڕێژراوەتەوە ، کەبە (تەواوترین دیوانی سۆفیگەری لە زمانی فارسیدا) دادەنرێت [عارف، ١٩٩٧، ١٣٧] ، شیعری مەسنەویش یان جووت قافیە (couplet)(٩) وەک بەشێک لەروخساری شیعری میللەتانی ڕۆژهەڵات :(بەو هەڵبەستانە وتراوە کە هەر بەیتەی

سەرواى تايبەتى سەربەخۆى خۆى هەبووە ، جيا بووە لە سەرواى بەيتەكانى تر)[خەزنەدار، ١٩٦٢ ،٦٧]ئەمەش وايكردووە بە يەک قافيە نەبەسترێتەوە ، چونكە كاريگەرى بەسەر نووسينەوەى ئەو شيعرە درێژە دەبێ و بارى شاعير قورس دەكا [بەرزنجى ، ٢٠١٦ ،٢٠] ئەم جۆرە شيعرەش لە كۆنەوە لە نێو ئەدەبياتى ميللەتانى ڕۆژهەڵاتى وەک :(عەرەب و تورک و كوردو ئۆردى) بەگشتى و ئەدەبياتى ئێرانى و شيعرى شاعيرانى (فارسى زمان)دا بە تايبەتى ، وەک ڕۆشنبيريەكى فارسى سەدەكانى ناوەڕاست بەدى كراوە، بەڵام لە ئەدەبى عەرەبيدا وەک پێويست بايەخێكى ئەوتۆى پێنەدراوە ، چونكە (ئەدەبى عەرەبى كۆن ئەم جۆرە شيعرەى نەناسيوە)[براون ، ١٩٥٤ ، ٣٧] .

داستانى مەسنەويش هەر بەتەنها بەرهەمێكى ئەدەبى و هونەرى نەبووە ، كە بايەخەكەى تەنها لەروخسارو زمان و شێوازى نووسينەكەيدا دەربكەوێت ، بەڵكو ناوەڕۆكە فەلسەفى و سۆفيزمەكەيەتى واى كردووە لە نێو ئەدەبياتى ئێرانى و ميللەتانى ڕۆژهەڵاتيدا تايبەتييەک بەخۆيەوە بگرێت ، بەوەى كە هەر تەنها جووت قافيە بۆ قەسيدەكە بەكار نەهێنراوە ، بەڵكو ناوى بەرهەمەكەش بە مەسنەوى ناونراوە ، پێچەوانەى بەرهەمى شاعيرانى ترى ڕۆژهەڵاتى ، كە ناوى تايبەتييان هەبووەو هەمان سەرواى مەسنەويشيان بۆ بەكار هێناوە [بەرزنجى ، ٢٠١٦ ، ٢٢]، وەک :[شانامەى ئەبولقاسمى فيردەوسى (416 كۆچى) و خەمسەيى نيزامى گەنجەوى (٥٨٤ كۆچى)و بەهارستانى عەبدولرەحمانى جامى (٨٧٩ كۆچى)] و زۆرانى تر ، لاى شاعيرانى كورديش[مەموزينى خانى (١٦٩٤ز)و شيرين وخەسرەو (١٧٧٣ز)و يوسف و زولێخاو لەيلاو مەجنونى خاناى قوبادى، لەيلاو مەجنونى (١٧٥٩ز)حارسى بەدليسى]و زۆرانى تر ، دياردەى ناونانى مەولانا بۆ بەرهەمەكەى بە ناوى (مەسنەوى)يەوە لەوەوە دەردەكەوێت كە خۆى لە دەفتەرى يەكەمى مەسنەويدا ئاماژەى بۆ كردووەو گوتوويەتى : ئەمە كتێبى مەسنەوييە [ڕۆمى ، ٢٠٠٢ ، ٣] ، [ عارف ،١٩٩٧، ١٣٩] .

ئەو داستانە لەبنەڕەتدا لەشەش دەفتەر (بەش) پێكهاتووە (٩)، ئەوەى وايكردووە شاعيرانى كوردو غەيرە كورديش پێوەى كاريگەربن ديباجەكەيەتى ، كە بەبۆچوونى زۆربەى سەرچاوەكان خۆى لە (٣٥) دێرە شيعردا (١٠) دەبينێتەوەو بە دەستپێكى مەسنەوى مەعنەوى دادەنرێت و بە (سروودى نەى) (١١) بەناوبانگە ، ئەويش سەرەتاى دەفتەرى يەكەمى مەسنەوييەكەيە، ئەگەرچى لە ڕووى ژمارەى بەيتەكانەوە چەندين ڕاو بۆچوونى جياواز لەسەر كۆى ژمارەى بەيتەكانى داستانەكە هەيە[تاقانە ، ١٩٧٩، ٢٤] ، بەڵام زۆربەى سەرچاوەكان بۆ ئەوە دەچن كە نزيک لە (٢٥٦٦٨ بيست وپێنج هەزارو شەشسەدو شەستو هەشت دێرەشيعر) بێت[بەرزنجى ،٢٠١٦ ،٢٦] ، ئەگەرچى لە چاپەكەى (نيكلسۆن)دا بيست و پێنج هەزارو شەشسەدو شەستو يەک دێرە شيعرە [عارف، ١٩٩٧، ١٤٠] ،مەسنەوى خۆيشى بەزمانى فارسى نووسراوەتەوەو لەسەر كێشى عەرووزى :(ڕەمەلى موسەددەسى مەحزووف فاعيلاتون فاعيلاتون فاعيلات) (١٢) هۆنراوەتەوە ، ئەم كێشە عەرووزييە بەهۆى ئەو داستانەى مەسنەوييەوە بووەتە بنەمايەک بۆ زۆر لە نووسەرانى داستان و چيرۆكە شيعرييەكانى دواى ئەو لە داڕشتنەوەى بەرهەمەكانياندا پەيڕەوى ئەم كێشە بكەن ، لە ڕووى ناوەڕۆكەوەش مەسنەوى پێكهاتووە لە چيرۆكى يەک لەدواى يەكى بە هۆنراو ڕێكخراو كە مەولانا بە گێڕانەوەى ئەمانە ئەنجامە ئايينى و خوا ناسييەكانى وەرگرتووەو ڕاستى بوونى دياردە مەعنەوييەكان بە زمانێكى ساكارو لە ڕێگاى ڕوونكردنەوە نيشان دەدات ، كە گەلێ لە ئايەتەكانى قورئانى پيرۆزو وتەكانى پێغەمبەر (د.خ) بە شێوەى خواناسى لێكدەداتەوەو دەيانخاتە ڕوو .

**٢-١-٢ : رووخسارو ناوەڕۆكى شيعرەكەى عەلى فەتاح دزەيى (١٣) :**

له ئەنجامی بەراوردکردنی نێوان هەردوو دەقەکەی شاعیرو مەولانادا ، لە ڕووی روخسارەوە: دەبینین شاعیر بەو شازدە دێرەی کە شیعرەکەی پێ هۆنیوەتەوە ، هەوڵیداوە : لەسەر هەمان کێشی عەرووزیی داستانەکەی مەولانادا بڕوات ، بەتایبەتی دیباجەکەی ، کە کێشی عەرووزی ڕەمەلی شەشی مەحزووفەو هەنگاوەکانیشی (فاعیلاتون ، فاعیلاتون ، فاعیلون/ فاعیلات)ە ، ئەو کێشەش زۆربەی بەرهەمە گەورەو شاکارەکانی جیهانی ئەدەبی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی پێ داڕێژراوە ، لە ڕووی سەرواشەوە شاعیر هەر ئەو جۆرە سەروایەی بەکار هێناوە کە مەولانا لە داستانی مەسنەویدا پەیڕەوی کردووەو پاشان هەر بەهۆی ئەو داستانەشەوە ئەم جۆرە سەروایە بووە بە بنەماو ڕێچکەیەک بۆ ئەوانەی لەدوای مەولانادا هاتوون و هەوڵی لاساییکردنەوەو دووبارە کردنەوەی ئەو دەدەن ، ئەویش سەروای مەسنەویی جووت قافیەیە ،

لەڕووی زمانیشەوە : بەهۆی ئەوەی شاعیر فارسی زمانێکی باش بووەو توانای بەسەر زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا شکاوە ، توانیویەتی بەزمانێکی پوخت و پاراو ئەم چەند دێرە شیعرە بهۆنێتەوەو بە کوردییەکی ڕەوان دایبڕێژێتەوە ، شێوازی داڕشتنەوەی ئەم دێرانەی شاعیریش دەتوانین بڵێین : بەسێ ڕێگا پەیڕەوی لێکردووە ، ا- بە وەرگێڕانێکی ڕاستەوخۆی دێر بە دێری هەندێ لەدێرەکانی دیباجەکە، ب- خواستنی هەندێک لەوشەکانی ناو دێرەکان و دووبارە بەکارهێنانەوەیان ، ج- وەرگرتنی واتای گشتی هەر دێرێک ، یان چەند دێرێکی ناو دیباجەکە بەجیا ، واتە واتای چەند دێرێک بەیەکەوەو داڕشتنەوەیان لەناو دێرێک یان زیاتر ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە : شاعیر زۆر بەوردییەوە بۆ ناو قووڵایی وناخی شیعرەکەی مەولانادا شۆڕ بووەتەوەو هەوڵی داهێنانێکی نوێی کوردییانەو کلاسیکییانەی ئەدەبی سەردەمی نوێی داوە ، واتە بەهەناسەیەکی سەردەمیانە هەوڵی زیندووکردنەوەی شاکارێکی کۆنینەی داوە ، ئەمەش ئەگەر زەمینەو بوارو کەرەستەکانی پێویستی بۆ فەراهەم نەبن ، وەک زمان و تواناو شارەزایی و لێهاتوویی ، هەروا بە سادەیی وئاسانی نایێتە بەرهەم ، دیارە ئەمانەش لە خوودی شاعیردا بەدیهاتوون ، بۆیە ئەم شیعرە هاتۆتە ئاراوە .

## ٢-٢ : کاریگەری مەولانای ڕۆمی بەسەر شیعرەکەی عەلی فەتاح دزەییەوە :

عەلی فەتاح دزەیی شاعیر وەک زۆربەی شاعیرانی تری کورد ، کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیرو بۆچوون و دیدە سۆفیزمی و عیرفانیەکانی مەولانادا ، ئەوەش لە روخسارو ناوەڕۆکی ئەو شیعرەی شاعیردا دەردەکەوێت ، کە هەر لەسەرەتای شیعرەکەو لە دیاریکردنی هۆی نووسینی شیعرەکەوە ئاماژەی بۆ دەکات ، وەک پێمان دەڵێت (لە دوای تەماشاکردنی مثنوی معنوی نووسراوە)[دزەیی ،١٩٨٧ ، ٩٦] واتە لەپاش خوێندنەوەو تێڕامان و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی دیباجەکەی مەسنەوی مەولانادا : ئەم دێرانەی کە ناوی ناوە (نەوای نەی یان بەیادی مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی) هاتۆتە بەرهەم ، واتە قەسیدەکەی مەولانایە بووەتە سەرچاوەی ئیلهام و وزەبەخش بۆ داهێنانی ئەم چەند دێرە شیعرەی، کە لەمەودوا دەیانخەینە بەرباس

کاریگەربوونی عەلی فەتاح دزەیی شاعیر بە مەولاناو بە داستانی مەسنەویی وایکردووە : شاعیر ڕاستەوخۆ ناوی مەولانا لە دەستپێکی شیعرەکەیدا بهێنێت و بە ئاشکرا پێمان بڵێت : ئەم شیعرە لەبەر ڕۆشنایی ئەو داستانەی مەولانا نووسراوەتەوە ، منیش خۆم بە یەکێک لە پەیڕەوانی ، یان هاوەڵانی ڕێبازەکەی مەولانادا دەزانم ، ئەمەش وەک وەفایەک و دڵسۆزییەک بەرامبەر بەو شێخە ، یان ڕابەرە هاتووم ئەم شیعرەم نووسیوە ، وەک تیایدا دەڵێت :

**ئەی جەلالوددینی خاوەن مەسنەوی**

**تێم بگەینە رازی شیعری مەعنەوی [ دزەیی ، ١٩٨٧ ، ٩٦]**

شاعیر داوا لە مەولانا دەکات کە خاوەنی داستانی مەسنەوییە ، وەک موریدێک ڕازو نیازی خۆشەویستی ڕاستەقینەو نهێنی گەیشتن بەو ڕازەو چۆنیەتی ئاشنابوون پێی فێری بکات و تێی بگەیێنێت کە ناوەڕۆکی ئەوڕازە وەک لەناو ئەو داستانەدا هاتووەو بەشیعر نووسراوەتەوەو لەلایەن دانایان وزانایانەوە بە مەعنەوی ناوبراوە لەچی پێکهاتووە مرۆڤ چۆن دەتوانێت پێی بگات ، وەک لە دوای ئەو دێرەوە دێتە سەری و ڕاستەوخۆ پێی دەڵێت :

**چۆنە عشقی پرتەوی پاکی خودا ،**

**هەر هەبووی دەشبێ و دەمینێ ی تا هەتا**

مەسنەوی بۆیە پێی دەڵێن مەعنەوی ، چونکە داستانێکە ناوەڕۆکەکەی سەرتاپا دەربڕینی خۆشەویستی ڕاستەقینەی یەزدانییەو ڕازو نیازەکانی گەیشتن بەو خۆشەویستییە نیشان دەدات و مرۆڤ بەهۆی ئەوەوە دەتوانێت بگات بە پلەکانی یەقین ، هەر بۆیە شاعیر داوای چۆنیەتی فێربوون و تێگەیشتنی ئەو عیشقە پاکەی خودا لە مەولانا دەکات ، کە خۆشەویستییەکی ئەزەلی و ئەبەدییە ، شاعیر دەیەوێت بڵێت دەمەوێ ببم بە یەکێک لەو عاشقانە ، ئەی مەولانا ڕێگاکەیم پیشان بدە ، چونکە نەزان و گومراهم و لە شوێنێکی تاریک و بێکەسم ، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە لەباشووری عێراق و لەشوێنێکی بیابانی پان وبەرینی وەک شاری دیوانییە [١٤] ژیانی بەسەر بردووە ، بۆیە دەڵێت :

**لەم بیابانەی بەرین و بێ سنوور**

**لەم شەوی تاریک و بێ پڕشنگی نوور**

**رابەرم بە ڕێ نەزان و سەرکەشم**

**دەستگرم بە پڕ گوناهە باوەشم**

**شەرمەزاری بیرو کرداری بەدم**

**چاوەڕێی یەک نەختە لوتفی ئێزەدم [ دزەیی ، ١٩٨٧ ، ٩٦]**

شاعیر جارێکی تر لە دێرێکی تردا مەفتوونی خۆی بۆ مەولانا دووپات دەکاتەوە ، هەروەها گیرۆدەبوونی بۆ داستانی مەسنەوی وئەو سروودانەی کە بوونەتە هۆی مەستبوونی بەرامبەر بە عیشقی خوسرەوی ، وەک لە مەسنەوی و بەشەکانیدا دەردەکەوێت ، پێمان دەڵێت :

**ئافەرین بۆ تۆ جەلالوددینی رۆم**

**هەر دەزانی چەندە من مەفتوونی تۆم**

**چەندە گیرۆدەی سروودی مەسنەویم**

**سەر هەتا پا مەستی عشقی خسرەویم [ دزەیی ، ١٩٨٧ ، ٩٦- ٩٧]**

کاریگەربوونی شاعیر بە مەولاناو بە مەسنەوی هەر بەوە دەرناکەوێت کە ڕووی دەمی بکاتە مەولاناو داوای تێگەیشتنی لێبکات ، بەڵکو زیاتر لەم دێرانەی تردا دەردەکەوێت ، کە ڕاستەوخۆ خۆی بە لاساییکردنەوەو داڕشتنەوەی دێرەکانی دیباجەکەیدا گرێداوەو هەوڵی دەربڕینی هەمان ناوەڕۆکی دێرەکانی مەولانادا دەدات ، بەوەی کە تووشی هەمان دەردی دووری دۆستان و خۆشەویستانی بووەو لەبەر ئەم دابڕانە دڵی خوێنی لێ دەڕێژێ و چاوەکانی پڕ لە فرمێسکی خوێنین بووە ، وەک دەڵێت :

**هەر دەمەی دەبیەم سەدای ناڵەی (فراق)**
**هەڵدەڕێژێ (شرح درد اشتیاق)**
**دڵ دەڕێژێ خوێن و چاو فرمێسکی سوور**
**جۆشی عیشقم گڕ دەسێنێ وەک تەنوور [ دزەیی ، ١٩٨٧ ، ٩٧]**

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو دێرەی مەولانا کە لە دیباجەکەداو لە دێری سێیەمیدا هاتووەو تیایدا دەریدەبڕێت کە : دەردی دووری ودابڕان لە خۆشەویستانی بووەتە هۆی بێزاری و نالەباری لەژیان و دڵ و دەروونی تاوی سەندووە ، واتە تووشی هەمان دەردی دووری و دابڕان و سەرگەردانی بووە لە دەست دووری دۆست و هاوەڵانی وەک دەڵێت :

**سینەخواهم شرحە شرحە از فراق**
**تا بگویم شرح درد اشتیاق [تاقانە ، ١٩٧٩ ، ٤٥]**

ئەم دەردی دوورییەو هەستکردن بە ئازارەکانی ژیان و نەگەیشتن بە خۆشەویستانی وای لە شاعیر کردووە خۆی بەبلبل و خۆشەویستەکەشی بەگوڵ بچوێنێت وهەردەم وێڵ و سەرگەردانی ئەم گەڕان و بەدوادا چوونەدا بێت بۆ گەیشتن پێی و ئارامبوونەوەی دەروونی ، وەک دەڵێت :

**بلبلی گیانم دەناڵێنێ بە کوڵ**
**بۆ دڵۆپەک شەونمی سەر کوڵمی گوڵ**
**بۆ کەمەک زانین و نەختەک یەکدڵی**
**ئەی گومان لەم بەندە ئازاد کە ملی**
**بلبلی گیان ، مەیلی سەربەستی دەکا**
**ئارەزووی بینینی گوڵ مەستی دەکا**
**لەم جیهانی بەندەگی و ناسووتییە**
**هەر لە یادی گوڵشەنی لاهووتییە [ دزەیی ، ١٩٨٧ ، ٩٧]**

شاعیر هەوڵدەدات کاریگەربوونی بە مەولاناو مەستبوونی بە ناوەڕۆکی مەسنەوی ، بەم چواندنەی سەرەوە شیبکاتەوە ، بەوەی کە عاشق هەردەم وێڵ و سەرگەردانی یارەکەیتی و بەدوای گەیشتن پێیەتی ، کە ئەمەش ناوەڕۆک وکاکڵی داستانەکەیە ، چونکە مەولانا لەهەموو بەشەکانیدا هەوڵدەدات بگات بە مەعشوقەکەی و پێی شاد ببێتەوە ، کە ئەویش یەزدانی پاک و بێگەردەو خۆشەویستی ڕاستەقینەیە .

لە کۆتاییشدا جارێکی تر شاعیر هۆی گیرۆدە بوون و شین و وا وەیلای بۆ یارەکەی دووپات دەکاتەوەو داوای لێ دەکات لەم ڕۆژی تەنگانەیەو لەم ساتە وەختی ناکرووزییە بەهانای بێت و لەم دەردو ژان و سەرگەردانییە ئازادی بکات و بیگەیێنێتە مەنزڵگاو مەبەست ، تاکو بە نەمری و سەربەرزی سەربنێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارو شوێنەی کە لێی هاتووەو دەبێ بۆی بگەڕێتەوە ، وەک دەڵێت :

**بۆ نەیستانە گرین و شیوەنی**
**یار لەوێ دەستی دەخاتە گەردەنی**
**سا وەرە ئەی نووری زانین و یەقین**

**نەی هەناسەی خۆشەویستی ی ئاگرین**

**هەڵکڕووزێنە پەڕو باڵی گیان**

**بیکە یەک زەڕەی هەبوونی جاویدان [ دزەیی ، ١٩٨٧ ، ٩٨]**

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆئەو دێڕەی دووەمی دیباجەی مەسنەوی کە تیایدا هاتووەو دەڵێت

**کز نیستان تا مرا ببریدەاند**

**از نفیرم مردو زن نالیدەاند [تاقانە ، ١٩٧٩ ، ٤٥]**

دیارە لێرەداو لەم هەموو ڕازو نیازەدا وەک مەولانا لەناو دووتوێی ئەم چەند دێڕەی مەسنەویداو لەکۆی هەموو داستانەکەیدا دەری بڕیوە ، سەرجەم و کۆتایی هەموو مەبەستەکەی بۆ ئەوەیە کە پێمان بڵێت :

**هر کسی کو دورماند از اصل‌خویش**

**باز جوید روزگار وصل‌خویش [تاقانە ، ١٩٧٩ ، ٤٥]**

واتە هەر کەسێک ئەگەر لە کەسوکاری خۆیدا دابڕاو دوورکەوتەوە ، یان لە خۆشەویستانی دابڕێت لەکۆتاییدا هەر هەوڵدەدات بۆ لایان بگەڕێتەوە ، یان دەبێ هەر بۆ لایان بچێتەوە ، وەک دەگوترێت

**هەرکەسێکی دوور لەئەسڵی خۆی کەوێ**

**وەسلی ئەسڵی خۆی لە ئاخردا ئەوێ [ مودەڕیسی ، ٢٠١١ ، ٤]**

ئەمەش کۆی هەموو ڕازو نیازو مەبەستی ڕاستەقینەی خۆشەویستانە لە دونیای سەرزەویدا ، ئەوانەی بە دوای گەیشتن بەو ڕازە وێڵ و سەرگەردانن و دەیانەوێت لەو دونیای تردا بەدەستی بهێنن و پێی شاد ببنەوە ، کە مەبەست لێی گەڕانەوەیە بۆ لای خودا ، واتە مرۆڤ لە لای خوداوە هاتووە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەم دونیایەی سەرزەویدا گومڕاهو سەرلێشێواوە ، دەبێ هەوڵی گەڕانەوە بۆ لای ئەو بدات و پێی بگاتەوە ، لێرەدا دەکرێت بڵێین ، ئەم ناوەڕۆکە ئاوڕدانەوەیە لەو فەرموودەیەی کە دەڵێت **(انا لله و انا الیه راجعون)** .

## ئەنجام

لەپاش خستنە ڕووی گشت لایەنەکانی بابەتەکە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١- دیاردەی کارتێکردن و کاریگەری لەنێوان شاعیران ، وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی و توخمێکی بنچینەیی لە بواری بەراوردکاریدا ، شاعیران و نووسەران ، هەتا هونەرمەندانیش پەنای بۆ دەبەن ، بۆ دەرخستنی تواناو شیان و لێهاتوویی خۆیانی تێدا دەبیننەوەو دەبێتە پێوەرێک بۆ ناسینی ئاستی بەرهەمەکەیان .

٢- ئەزموونی سۆفیزم و سۆفیگەری ، یان دونیای عیرفان و ڕازی مەعریفەت لە ئەدەبیاتی میللەتانی موسڵمانی ڕۆژهەڵاتیدا ، بە ڕێژەیەکی فراوان بەرچاو دەکەوێت ، شاعیرانی کوردیش وەک میللەتێکی سەر بەو ناوچەیە لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاوداوەو لەقوڵایی ئەم دەریایەدا مەلەیان کردووە ، عەلی فەتاح دزەیی شاعیریش وەک دڵۆپێک لەم دەریایە بێبەش نەبووە .

٣- مەسنەوی مەعنەوی: وەک یەکێک لە بەرهەمە گەورە شاکارەکانی جیهان ، بە شێوەیەکی بەربڵاو کاریگەریی لەسەر شاعیرانی کوردو غەیرە کوردیش بەجێهێشتووە ، بەتایبەتی پێشەکی (دیباجەکەی) ، چونکە چەندین سەدەیە بە بەردەوامی

و بێپسانەوە شاعیران و نووسەرانی وەک: (کوردو عەرەب و فارس و تورک ورۆژئاوا )یش، چ بەوەرگێڕان یان بەلاساییکردنەوەو داڕشتنەوەی هەوڵی زیندووکردنەوەی دەدەن ، تاکو هەردەم بە نەمری بمێنێتەوە

٤- داستانی مەسنەوی وەک شاکارێکی مەزن هەر تەنها بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری نەبووە ، کە بایەخەکەی تەنها لە روخسارو زمان و شێوازی نووسینەکەیدا دەربکەوێت ، بەڵکو ناوەڕۆکە فەلسەفی و سۆفیزمەکەیەتی وایکردووە لەنێو ئەدەبیاتی ئێرانی و میللەتانی ڕۆژهەڵاتیدا تایبەتییەک بەخۆیەوە بگرێت ، بەوەی کە هەر تەنها جووت قافیەی بۆ قەسیدەکە بەکار نەهێنراوە ، بەڵکو ناوی بەرهەمەکەش بە مەسنەوی ناونراوە ، پێچەوانەی بەرهەمی شاعیرانی تری ڕۆژهەڵاتی ، کە ناوی تایبەتییان هەبووەو هەمان سەروای مەسنەویشیان بۆ بەکار هێناوە [بەرزنجی ، ٢٠١٦ ، ٢٢] .

٥- شاعیرانی کوردو میللەتانی تری غەیرە کوردیش ، ئەوانەی بە مەولانا کاریگەر بوونەو کەوتوونەتە ژێر کارتێکردن و کاریگەری مەولانا هەوڵی لاساییکردنەوەی شیعرەکانی مەولانایان داوە ، بەرهەمەکانیان لە (٨-٩ یان١٦) دێری دیباجەکەی مەسنەوی زیاتر بەسەر نەکردۆتەوە ، ئەمەش بەهۆی بوونی تەواوی بیرو بۆچوونەکان و ڕێبازەکەی مەولانا لە ناو دیباجەکەیدا .

٦- لە رووی روخساری شیعرەکەی عەلی فەتاح دزەییەوە ، دەبینین شاعیر تیایدا هەوڵیداوە:

ا – هەمان کێشی عەرووزی داستانەکەی مەسنەوی مەولانای ڕۆمی بەکار بهێنێت ، کە کێشی ڕەمەلی شەشی مەحزووفەو هەنگاوەکانیشی بەم شێوەیە (فاعیلاتون ، فاعیلاتون ، فاعیلات)ە

ب– سەروای بەکارهاتووش، هەمان سەروای مەسنەوییە کەمەولانا داستانەکەی پێ هۆنیوەتەوە .

## پەراوێزەکان

(١) مەولانا: ناوی (محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی حوسێنی خەتیبی بەکری)یە ، لە (٣٠ی ئەیلولی ١٢٠٧) ی زایینی بەرامبەر بە (شەشی رەبیعولئەوەلی ساڵی٦٠٤)ی کۆچی لە شاری بەڵخی ناوچەی خوراسان لەدایکبووە ، نازناوی مەولانایەو بە مەولانای ڕۆمی ناوی هاتووە [بەرزنجی ، ٢٠١٦ ، ٢٩]، لەهەندێ سەرچاوەدا بەجەلالەددینی بەڵخیش ناوی دەبەن[تاقانە ، ١٩٧٩، ٥] مەولانا لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیداو لەوکاتەی لەشاری (لارندە)بووە (جەوهەر خاتوونی کچی لالە شەڕەفەددینی سەمەرقەندی)خواستووەو دوو کوڕی لێ بووە بە ناوەکانی (عەلائەددین و بەهائەددین)[تاقانە، ١٩٧٩، ٨]، لە (٢٣ی شوباتی ١٢٣١) ئەوکاتەی لەشاری دیمەشق بۆ خوێندن دەبێ باوکی لەشاری قۆنیە دەمرێت ، بۆیە بەناچاری دەگەڕێتەوە شاری قۆنیەو لەسەر داوای موریدەکانی باوکی لەشوێنەکەی جێگیردەبێ،

تا لە (ڕۆژی یەکشەممەی ١٦یان ١٧ی کانوونی یەکەمی١٢٧٣ی زایینی) هەر لەشاری قۆنیەو لەتەمەنی (٦٦)ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات [بەرزنجی، ٢٠١٦ ، ٦١٧]؛[تاقانە، ١٩٧٩، ١١]؛[براون ، ١٩٥٤، ٦٥٧].

(٢) لەم چوارچێوەیەدا مەولانا خۆیشی بەدەر نەبووە ، چونکە پێش نووسینی مەسنەوی و پاش تەواوکردنیشی کەوتووەتە داوی شیعرەکانی شاعیرانی پێش خۆی، ئەوەتە (هەندێ لە توێژەران ئیشارەیان بەوەداوە کە مەولانا ئەدەبیاتی دوای خۆی هەزم کردووەو ئاگاداری بەرهەمی شاکارنووسانی پێش خۆی بووە ، لەم ڕووەوە ئاماژەیان بەهەندێ شاعیر داوە کە ڕەنگدانەوەی بەسەر غەزەلەکانیەوە هەبووەو سێبەریان بەسەریەوە دیارە ، وەک : ڕوودەکی ، ناسری خوسرەوی ، عومەری خەیام ، سەنائی و فەریدەددینی عەتار) [بەرزنجی، ٢٠١٦، ١١١-١٣٨].

(٣) مەسنەوی مەعنەوی ئەو داستانە گەورەیەی مەولانایە کە خۆی لە شەش بەش (دەفتەر) دەبینێتەوە ، هەر بەشێک لەمانە سەرەتایەکی کورت بە پەخشان نووسراوەتەوەو پاشان بە شیعر هەموو بەشەکە تەواوکراوە ، تەواوی شیعرەکانی ئەم (دەفتەرانە) بەڕای هەندێک لە نووسەران (٢٥٧٠٠) بیستو پێنج هەزارو حەوت سەد دێرە شیعرە[تاقانە ، ١٩٧٩ ، ١٩]

(٤) داستانی مەسنەوی لەسەر داوای (حەسەنی کوڕی محەمەدی کوڕی حەسەن) ناسراو بە (ئیبن ئەخی تورک) داندراوە، ئەم حەسەنە نازناوی (حوسامەددینی چەلەبی)یەو بە ئەسڵ کوردەو خەڵکی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ، ئەم زانیارییانە لە پێشەکی بە پەخشاننووسراوی دەفتەری یەکەمی مەسنەویدا مەولانا بەخۆی نووسیویەتی [تاقانە ، ١٩٧٩ ، ١٩] .

(٥) لەئەدەبی کوردیداو بەهۆی ئەوەی مەسنەوی مەعنەوی شاکارێکی گەورەی تەسەووفی ئیسلامییە، شاعیران و نووسەرانی کورد هەر تەنها هەوڵیان نەداوە ناوەڕۆکی مەسنەوی لەناو شیعرەکانیاندا تەوزیف بکەن ، بەڵکو هاتوون لەبواری وەرگێڕانیشدا ئەو کاریگەرییە گەورەی مەسنەویان نیشان داوە ، بەوەی ئەو داستانە وەک خۆی و دێر بەدێرو بەشێوەی شیعر دایبڕێژنەوە ، نموونە : أ- **عەبدوسەلام مودەڕیسی (خانی)**، مەسنەوی مەعنەوی لە دوو بەرگداو لەساڵی (١٣٩٠)ی هەتاوی بەرامبەر بە (٢٠١١)ی زایینی وەریگێڕاون ولەتاران بەچاپی گەیاندوون ، ب- **مەلا ئەحمەدێ شەڕەفخانێ** ، مەثنەویا مەعنەوی ، لە یەک بەرگداو لەساڵی (٢٠١٢)ی زایینی ، بە یارمەتی خانەی سپیرێز لە ئەستامبوڵ بە چاپی گەیاندوون .

(٦) وەک: عەبدولڕەحمان تاڵەبانی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەو لەتەکییەی تاڵەبەنی لە کەرکوک بەناوی کیتابولمەعارف شەرحێکی بۆ هەژدە بەیتەکەی مەسنەوی نووسیوە ، لەو ڕاڤەیە جوانەیدا لەسەر هەمان ڕێچکە بە شیعر شەرحەکانی کردووە [بەرزنجی ، ٢٠١٦ ، ٧٤] .

(٧) کەمالی (عەلی باپیر ئاغا)ی شاعیر ئەم بەرهەمە گەورەیەی مەولانای خوێندۆتەوەو کاری تێکردووەو دوای ئەوە پێنج چیرۆکی لێ هەڵبژاردووەو کورتی کردۆتەوەو بە هۆنراوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەگەڵ هەندێ لابردن و گۆڕین و دەستکاریکردن لە ناوەڕۆک و ناو نیشانەکانیاندا ، سەرجەمی بەیتەکانی چیرۆکە ناوبراوەکان لە مەسنەویدا (٦٨٠) بەیتەو لای کەمالی (٦١)بەیتە[عارف، ١٩٩٧ ، ١٥٨]

(٨) بەڕای هەندێک لە نووسەران ژمارەی دێرەکانی هەموو بەشەکانی مەسنەوی (٢٦٧٠٠ بیست و شەش هەزارو حەوت سەد دێرە شیعرە[تاقانە ، ١٩٧٩ ، ١٩] ، بەڵام لای هەندێکی تر نزیکەی (٢٥٦٦٨) بیستوپێنج هەزارو شەشسەدو

شەستو هەشتە[بەرزنجی ، ٢٠١٦ ، ٢٦]، یان هەر(٢٦٠٠٠) بیست و شەش هەزار بەیت شیعرە[عارف ، ١٩٩٧ ، ١٣٧] ، [دەشتی ، ٢٠٠٣ ، ١٣٢] بەشێکی زۆری ئەم بەشانە لە شێوەی زنجیرەیەک چیرۆک و پەندی شیعریدا سەربوردەی ئاینی و عیشق و عیرفان پێکهاتووە ، ماوەی دانانی هەموو بەشەکان (کتێبەکە) زیاتر لە (١٠) ساڵی خایاندووە[بڕاون ، ١٩٥٤ ، ٦٥٧].

(٩) مەسنەوی: وشەیەکی عەرەبیەو بەمانای دوانەیی دێت ، مەبەست لێی دوانەیی لەقافیەدا ، یان جووت قافەویە، واتە دوو میسڕاعی هەر بەیتێک دەک قافیەیان هەبێت ، هەر بەیتێک قافیەی سەربەخۆی هەیەو هەموویان لە ڕووی وەزنەوە یەکگرتوو بن و لەڕووی گێڕانەوە جیاوازبن [بەرزنجی، ٢٠١٦، ٢٠]، ئەم شێوازەی روخساری شیعری(سەروای مەسنەوی) لەپاڵ(سەروای چوارین) وەک دوو هونەری روخساری شیعری لە داهێنانی فارسەکانن [گەردی ، ١٩٩٩، ١٣٠] ، لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا بە نەزمی مزدەوەج (هۆنینەوەی دوالیزم) ناسراوە

(١٠)ژمارەی دێرەکانی دیباجەی مەسنەوی کەخۆی لە(٣٥)دێرەشیعردا دەبینێتەوە ، جیاوازیەکەی لەگەڵ مەسنەوییە نێودارەکانی دیکە ، ئەوەیە کە هی ئەوان بە(بەسمەڵە) دەستپێ دەکەن ، لای مەولانا بە(بشنو از نی) دەستپێ دەکات [دەشتی ، ٢٠٠٣ ، ١٣٢].

(١١) ساقینامە بابەتێکی شیعری باوی نێو نێو ئەدەبیاتی کۆنی فارسییە ، تیایدا شاعیر ساقی دەهێنێ و دەیکات بە هاودەم و(سەنگی سەبوور)ی خۆی وتەواوی دەردو خەم وناڵەو ژانەکانی خۆی لە تەکیدا دەردەبڕێت ، لەئەدەبی فارسیدا کۆمەڵێک ساقینامەی ناودار هەن دەدرێنە پاڵ شاعیرانی وەک : حافز(سەرەتای سەدەی ١٤-١٣٨٩) ، وەحشی بافقی کرمانی(١٥٨٣ –١٦٤٣) ، مەولانای ڕۆمی(١٢٠٧- ١٢٧٣) ، کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات بە(مەسنەوی) ناو دەبردرێن [دەشتی ، ٢٠٠٣ ، ١٣٢] .

(١٢) بەبۆچوونی هەندێ لەزانایان سەرچاوەی بەکارهێنانی ئەو کێشەی کە مەسنەوی پێ هۆنراوەتەوە (گوایە قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئەو کێشەی عەرووزی عەرەبیدا ڕێک دەکەون ، وەک لە سووڕەتی(البقرە ئایەتی ٧٨ –٧٩)دا دەردەکەوێ [بڕاون ، ١٩٥٤ ، ٣٢] وەک تیایدا هاتووە: (ثم اقررتم وانتم تشهدون ثم انتم هؤلاء تقتلون) [تاقانە ، ١٩٧٩، ٢١] .

(١٣) عەلی فەتاح ئاغای کوڕی حەوێز ئاغای دزەییە ، ساڵی(١٩٢٨) لە گوندی دووسەرەی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی دەشتی هەولێر لەدایک بووە ، ساڵی(١٩٣٦) لەناو شاری هەولێر دەستی بە خوێندن کردووە ، پاش بڕینی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و سانەوی ساڵی (١٩٤٨) لەبەغدا لە کۆلێجی ماف وەرگیراوە ، بەڵام بەهۆی کاری سیاسی تەواوی نەکردووەو تووشی گرتن و زیندانی سیاسی بووە ، ساڵی(١٩٥٣ – ١٩٥٨) کۆلێجی مافی لە زانکۆی دیمەشق تەواوکردووەو دوای ئەوە خەریکی کاری میری بووەو تاساڵی(١٩٨٥) خۆی خانەنشین کردووە ، لەساڵی (١٩٩٢) هەر لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە[ دزەیی ، ١٩٩٧ ، ١١٩]

(١٤) شاعیر لەساڵی(١٩٧٤)و لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی نوێی کوردو سەرنەگرتنی ڕێککەوتنی یازدەی ئازاری ساڵی(١٩٧٠) پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆڕش کردو تا ساڵی(١٩٧٥) لە ریزەکانی شۆڕش مایەوە ، بەڵام بەهۆی سەرنەگرتن و نسکۆهێنانی ئەو شۆڕشە دووچاری ڕاگوازتنەوە بوو بۆ باشووری عیراق و لە شاری دیوانییە گیرسایەوە[ دزەیی ، ١٩٩٧ ، ١١٩].

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی :**

(1) بەرزنجی ، عەبدولڕەحمان بێلاف(٢٠١٦) ، مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات : هەولێر .
(2) بەرزنجی ، عەبدولڕەحمان بێلاف(٢٠١٦) ، مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات : هەولێر .
(3) تاقانە ، ئەحمەد(١٩٧٩) ، جەلالەددینی ڕۆمی وسروودی نەی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی(علاء) ، بەغدا .
(4) جزیری ، مەلای(دیوان) ، (١٣٦١) ، هەژار شەرحی لێکردووە ، چاپخانەی : انتشارات سروش ، تهران .
(5) خەزنەدار ، معروف(١٩٦٢) ، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا ، چاپخانەی(الوفاء) ، بەغداد .
(6) دەشتی، عوسمان (٢٠٠٣) ، هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئۆفەسێتی پیشک ، سلێمانی .
(7) دزەیی ، علی فتاح(١٩٨٧) ، دیوانی خرۆشان و رامان ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر.
(8) دزەیی، علی فتاح (١٩٩٧)، مەم وزین، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر
(9) ڕۆمی ، جەلالەددینی(٢٠١١) ، مەسنەوی مەعنەوی بەشێوەی هۆنراوەی کوردی ، وەرگێڕاوی : عەبدوسەلام مودەڕێسی(خانی) ، دەفتەری ئەوەڵ هەتا چوارەم ، سازمانی چاپ و ئینتیشاراتی واحد مهاباد ، تاران .
(10)ڕۆمی ، جەلالەددینی(٢٠١١) ، مەسنەوی مەعنەوی بەشێوەی هۆنراوەی کوردی ، وەرگێڕاوی : عەبدوسەلام مودەڕێسی(خانی)، دەفتەری پێنجەم هەتا کشف الابیات ، سازمانی چاپ وئینتیشاراتی واحد مهاباد ، تاران
(11) ڕۆمی ، جەلالەددینی(٢٠١٢) ، مەثنەویا مەعنەوی ، وەرگێڕان : مەلا ئەحمەدێ شەرەفخانێ ، چاپا ئێکێ ، خانەی سپیرێز ، ئەستانبۆل .
(12) سابیر، پەخشان(٢٠١٩) ، (نەی)ی مەولانا لەنێوان سێ کوچکەی شیعری کلاسیک ونوێ وهاوچەرخی کوردیدا ، دووهەمین کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتی ، زانکۆی کوردستان ، سنە ، (٩–١٠)ی حوزەیران .
(13) **صافی**(دیوان)، (٢٠٠٤)، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی: محمدی مەلا **مصطفی** هیرانی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.
(14) عارف ، محمد نوری ، (١٩٩٧) ، کەمالی و مەسنەوی (بەراوردکاری) ، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر ، بەرگی(١) ژمارە (١) .
(15) کەمالی(دیوان)، (١٩٨٦)، ئامادەکردن و ساغکردنەوەو پێشەکی بۆ نووسینی : کەمال عەلی باپیر ، چاپخانەی (ڕەنج) ، سلێمانی .
(16) گەردی ، عەزیز(١٩٩٩) ، سەروا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر .
(17) مەولەوی(دیوان) ، (1978) , کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لەسەر نووسینی ملا عبدالکریمی مدرس ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا .

(18) نالی (دیوان) ، (١٩٧٦) ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی : مەلا عبدولکەریمی مدرس و فاتح عبدولکەریم ، پێداچوونەوەی موحەمەدی مەلا کەریم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا .
(19) نەقشبەندی ، شیخ جلال شیخ جمیل (١٩٩٠) ، مەثنەوی یەکانی جلال الدین رۆمی ، وەرگێڕانی بە شیعر ، مدیریة مطبعة الثقافة والشباب , اربیل .
(20)هێمن (دیوان)، (٢٠٠٦)، بارگەی یاران ، سەرجەمی شیعری هێمن ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر

**بە زمانی عەرەبی :**

(21) براون , ادوارد جرانفيل(١٩٥٤) ، تآريخ الادب فی ايران - من الفردوسي الى السعدي ، نقله الى العربيه الدكتور : آمين الشواربي ، مطبعة السعادة بمصر , القاهرة .
(22) جبران , خليل جبران, (2003) , المواكب , مؤسسة علاءالدين للطباعة والنشر , بيروت , لبنان
(23) علي , طاهر مصطفی(٢٠١٩) ، بين قصيدة(القلب) للشاعر الكردي صافي الهيراني و قصيدة (الناي) لمولانا جلال الدين الرومي , دووهەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی، زانکۆی کوردستان ، سنه ، (٩-١٠)ی حوزەیران .
(24) هلال ، محمدغنيمی (١٩٨١) ، الادب المقارن ، الطبعه الثالثه ، دار العودة , بيروت , لبنان .
(25) رومی ، جلال الدين(1374) ، مثنوي معنوي , أز روي نسخة رينولد نيكلسون , نقدو تحقيق : احمد فتاحي , انتشارات : گنجينه , چاپ اول , چاپخانەی : احمدی ، تهران .

## تاثیر چکامه ی (مثنوی) مولانا جلال الدین رومی برشعر (نوای نی)علی فتاح دزه یی شاعر

چکیده :

این بحث پژوهشی است میان چکامه ی مولانا جلال الدین رومی (٦٠٤/١٢٠٧- ٥٦٧٣/١٢٧٣) به نام (مثنوی معنوی) و ق×یده ی علی فتاح دزه یی (١٩٢٨- ١٩٩٢م) به عنوان (نوای نی) که در آن از لحا× چگونگی تاثیرو تاثر میان آنها یا به تعبیر دیگر تاثیر چکامه ی مثنوی مولانا را از روی فرم و محتوا بر نوای نی علی فتاح دزه یی را مورد بحث و بررسی قرار میدهد ، همچنین ویژگیها و چگونگی بکاربردن سمبل که به شیوه ی پنهان در ق×یده اش بکار رفته نشان میدهد , از سوی دیگر سبک نوشتن و تقلید مولانا را از سوی شاعر کرد را بحث و بررسی میکند , این پدیده که در چهارچوب نقد ادبی به تآثیر و تاثر نامگزاری شده است , دزه يي که چکامه ی خودرا به س×ر اول مولانا : (بشنو از نی چون حکایت میکند واز جدایها شکایت میکند) آغاز میکند و سخت زیر تاثیر مولانا قرار گرفته و س×ر به س×ر شعر مولانارا آورده و به سبک دردناک و پر از روح سوفیگری شعر خودش را بوسیله آن مزین کرده است , این پدیده نه تنها نزد علی فتاح دزه یی شاعر بچشم میخورد ، بلکه نزد اغلب شاعران کرد قدیم و کلاسیک موجوداست , مخ×و×ا آنهائیکه در فلک سوفیگری و ت×وف گشته اند , پژوهش نامبرده یک مقدمه و دو بخش دارد , بخش اول از دو قسمت تشکیل شده است , در قسمت اول سعی شده است که پدیده ی تآثیرو تآثرو تقلید از شاعیران بیگانه مثل پدیده ای نقدی و ادبی و ت×بیقی م×رح شود، قسمت دوم به وجود این پدیده نزد شعرای کرد پرداخته که به مولانا جلال الدین متآثر بوده اند و کوشش کرده اند از ق×یده (مثنوی) تقلید کنند , بخش دوم که بخش ا×لی پژوهش است مخ×و× نشاندادن کیفیت سبک انشا و تعین کردن علل و تاثیرات (مثنوی معنوی) مولاناست بر شعر (نوای نی) علی فتاح دزه یی , درپایان ، فرم و محتوای پژوهش در چند نکته یی چون نتیجه ی

کار نشانداده شده است , همچنین منابعی که در نوشتن پژوهش از آن استفاده شده به ترتیب الفبایی تن×یم شده است .

## The Influence of Mawlana Jalaladdyny Romy's poem (Masnawy) on Ali Fatah Dzayee's poem (Neway nay)

This is a topic is a research between Mawlana Jalaladdyny Romy's poem(1207-1273AD) with the name of (Mesnawy Ma'nawy) and Ali Fatah Dzayee's (1928-1992AD) poem with the name of (Neway Nay) in the aspect of influence on Ali Fatah Dzayee's (Neway Nay), that used the specialties and the unknown units inside the Mawlana's poem and the way of writing shows signs of influence, under the internal and structural influence of Mawlana's poem which starts with :

**(بشنو از نەی چون حکایت می کند ... واز جدایها شکایت می کند)**

Kurdish poet Ali Fatah Dzayees has come and has read Mawlana's poem line by line and has rewritten it with a way of strong feelings and filled with the spirit of religious intent and a feeling of love and compassion, and this case isn't just seen in Ali Fatah Dzayee's poems alone but rather in many other old and classical Kurdish poets, and especially the poets that have fallen under the influence of high religious believes.